# سوپاسنامە:

**فاتمە ئەحمەد**
Fatma964@yahoo.de

لەدەستدانی پارچەیەک لە جگەرم، هێز و دڵ و هەناسەم، خاڵ و هاوڕێ و خۆشەویستم (مستەفا گەرمیانی)، کارەساتێکی هێندە گەورەیە، خەمێکی هێندە پڕ لە ژان و ژانێکی یەکجار بەسوێیە، کە هەرگیز.. هەرگیز ناتوانم نە بە زمان و نە بە نووسین هەقی تەواوی خۆی بدەمێ. ئەو بۆ من تەنها، خاڵۆ نەبوو، بەڵکوو یەکەمین پەروەردەکار و کاریگەرترین کەسێک بوو لە دروستکردنی کەسایەتی مندا و هەردووکمان هاوڕێی هەمیشەیی و گیانلەسەردەست بووین بۆ یەکتر. بە درێژایی تەمەنی منالّی و گەنجێتیمان و ماوەی 25 ساڵ ژیانی تاراوگە و دووریمان لە یەکتر، هەمیشە "گیانێک بووین لە دوو جەستەدا". هەمیشە هاوڕێ و خۆشەویست و خەمرەوێنی یەکتر بووین. لەدەستدانی ئەو بۆ من کارەساتە، کارەساتێکی سەخت...
لە قوڵایی دڵەوە سوپاس و پێزانینی خۆم بە هەموو ئازیزانم، هەموو ئەو کەس و هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستانەم لە سویسرا و کوردستان و وڵاتەکانی دیکە ڕائەگەیەنم، کە لە ڕێگەی ئیمەیل و تەلەفۆنەوە، هاوخەمی خۆیان پێ ڕاگەیاندم، یان لە نزیکەوە بۆ ماوەی چەند شەو و چەند ڕۆژ لەگەڵمدا مانەوە و بە میهر و سۆز و خۆشەویستییەکی بێوێنەوە دڵیان بۆ گریان و فرمێسکەکانم، بۆ زایەڵەی جەستەی لەتلەتکراوم واڵا کرد و لەهەڵگرتنی ئەم خەم و مەینەتە گەورەیەمدا هاوبەشم بوون، کە حەتمەن مایەی سەبووری و هێزی ورەبەخشن بۆ ڕاوەستان و خۆڕاگرتنم لەبەردەم کۆستێکی وەها جەرگبڕ و کوتوپڕدا.
جێگەی خۆشێتی، کە زۆر سوپاسی هاوڕێ و هاوسەری ئازیزم (سالار ڕەشید) بکەم، کە بە دڵسۆزییە کەموێنەکەی، هەردەم هاودڵ و هاوگیان لەگەڵمدا بووە و کات و ئێنێرژی خۆی بۆ کەمکردنەوەی خەم و ئازارەکانم تەرخان کردووە و هەرگیز لە تەنیاییدا فەرامۆشی نەکردووم.

بە هیوام:
کەستان جەرگتان نەسووتێ!
مەرگی ئازیز و خۆشەویستتان نەبینن!
ژیانتان هەردەم ئاسوودە و دوور لە ناخۆشی بێ!
لەشساغ و تەمەندرێژ بن!

<u>قوربانتان</u>
فاتمە ئەحمەد
08. 08. 2007